وەزارەتی ناوخۆ دەستگیرکردنی گروپێکی تایبەت بەدزینی شوێنەوار راگەیاند

وەزارەتی ناوخۆ ئەمڕۆ ڕۆژی دووشەممە چەتەیەکی تایبەت بە دزینی شوێنەوار دەستگیر کرد.

عەمید میقداد میری وتەبێژی وەزارەتی ناوخۆ لەبەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند کە:دوای بەدەستهێنانی زانیاری ورد لەلایەن هەواڵگری نیشتیمانیەوە پۆلیسی واست توانی ئەندامانی چەتەیەک دەستگیربکات کە تایبەت بوون بە دزینی شوێنەوار.

ڕوونیشی کردەوە کە چەتەکان لەکاتی دزینەکەیاندا دەستگیرکران و کەلوپەلی دزیاریکەشیان پێبووە کە لە ژمارەیەک دەستنووس و 50 پارچەی دراوی کۆن پێکهاتبوو.